بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێر ان

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی و
ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پاڕلمانی تێدەکۆشین

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان، کە هیوا و
ئاواتەکانی لاوانی کوردستان و لاوانی ڕیزەکانی
سازمانی خەبات وەدی بێنێ، تێبکۆشین.

ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە «٢٠٨» ای ڕێبەندانی ٢٧٠٨ی کوردی، ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٩ی زایینی





ووتوێژی بەڕێز ماموستا
سەید جەلالەددین
حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری
K21
ل ٤





ناوەندێك بۆ
لاوان ( لاوانی
خەبات )
ل٤





ڕووداوە
گرینگەکانی
جیهان لەساڵی
٢٠٠٨دا
ل٧



بیرەوەریی ڕۆژانی
حەماسە و
فیداکاریی
پێشمەرگەکانی
ل٧


# ٢ی ڕێبەندان، ٦٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هاونیشتمانانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەڵسوڕاوانی ڕێگەی ئازادی پیرۆز بێ



مێژووی خەباتی ئازادیخوازی و رزگاریخوازی گەلی کورد پڕە لە ڕۆژی درەوشاوە و ڕەنگین کە یەکێك لەو ڕۆژە مێژوویی و درەوشاوانە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، کە تیایدا کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەهەل و مەرجێکدا بوو کە کورد لەخەبات و تێکۆشاندا بوو، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و هەروەها لەو هەل و مەرجەی کە بە شەڕی دووهەمی جیهان هاتبووە پێش کەڵك وەرگرێ تا بە ئامانج و خواستەکانی بگا. هەر چەند بە دامەزرانی کۆماری کوردستان پارتی ژیانەوەی کوردستان کە ڕێکخراو و تەشکیلاتێکی سەرانسەریی بوو و لەتێکڕای شار و ناوچەکانی کوردستان ئەندام و ڕێکخراوی هەبوو لەناوچوو. بەڵام بە دامەزرانی کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی لەناوچەییێکی جوغرافیایی بەرتەسك و لەچەند شاری دیاریکراوی کوردستاندابوو، جەماوەری کورد لەسەرانسەری کوردستان دڵخۆش بوون و هیوایان بە داهاتوو گوڵی کرد و خۆش بوو و پێکەنین و شادی میوانی لێوی ژن و پیاوی کورد بوو.

کۆماری کوردستان بەرهەمی زیاتر لەچل ساڵ خەبات و کۆڵنەدان و فیداکاری کەم وێنەی ڕۆڵەکانی کوردستان بوو. کۆماری کوردستان چرای ماڵانی کوردی هەژار و ستەم لێکراو بوو، بەداخەوە کۆماری جێگای هیوا و ئاواتی کوردان تەمەنی زۆر نەکرد و بە پیلانی هیزە جیهانیەکان لەسەرویانەوە کۆمارەکانی شورەوی، خەیانەتی ژمارەیەك لەخێڵ و عەشیرەتە کوردەکان و هێنانی بیری چەوت و بێگانە بە خەباتی ئازادیخواز و دژ بە خواستی جەماوەری کوردستان بۆ ناو دام و دەزگاکانی کۆمار، کۆماری کوردستان لەدوای ١١ مانگ حوکمی خۆماڵیانە کۆتایی پێهات. بەلەناوچونی کۆماری کوردستان، غەم و پەژارە تێکڕای خەڵکی کوردستانی داگرت. ئەگەرچی لەناوچوونی کۆماری کوردستان زەربەتێکی گەورە بوو لەکورد، بەڵام ئەو ڕوداوە نەبووە هۆی ئەوەی بە یەکجاری چۆك بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد دابدا. بەڵکوو یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان بوو بە بەردی بناخەییێك بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی کورد لەسەری درێژە بە تێکۆشان و فیداکاری بدەن بۆ گەیشتن بە ئازادی و دەستەبەرکرانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

بێگومان هەروەك دەبینین لەدوای ٦٣ ساڵ تێپەڕین بەسەر تەمەنی کۆماردا، هاونیشتمانانی کوردستان لەهەموو دەمێك بۆ خەبات و فیداکاری ئامادەتر و وشیارترن. کۆماری کوردستان ڕەمزێکی گەورەی گەلی کوردە و جێگەی خۆیەتی هەموومان دەرسی لێوەرگرین و ئەو هەڵانەی لەدەورانی کۆماری کوردستان کران دووپات نەبنەوە و ئەو کردەوە و کارە چاکانەی کران درێژەیان پێ بدرێ.

لەیادی ٦٣ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کوردستان درود دەنێرین بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی و خەباتکارانی ڕێگەی کوردستان، بە تایبەت قازی محەممەدی نەمر و مەلا مستەفا بارزانی و هیوادارین بتوانین بە هاوکاری و تەبایی و یەکریزی ئاواتەکانی شەهیدان و گەلی ستەملێکراوی کورد وەدی بێنین.

کومیتەی ناوەندی
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

## سارکوزی : ساڵی ٢٠٠٩ بۆ گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران یەکلاییی کەرەوەیە

نیکولاسارکوزی سەرۆك کۆماری فەرانسە ڕۆژی هەینی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٧، ساڵی ٢٠٠٩ی بۆ بەرنامەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران بە چارەنووس ساز زانی گووتی: ڕژیمی تاران دەبێ بەرەورووبوونەوە یا ووتووێژ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بڕیار بدا.

سارکوزی کە لە کۆبوونەوەی ساڵانە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە لە پاریس قسەی دەکرد، تەئکیدی کردەوە ناوەندی نێونەتەوەیی وزەی ناوکەیی لە بارەی زیاد بوونی نیگەرانیەکان سەبارەت بە گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران تەئکیدی کردۆتەوە و هەمووان دەزانن ئەو گەلاڵەیە ئامانجی نیزامی هەیە.



سەرۆك کۆماری فەرانسە هەروەها زیادی کرد، کاتی ئەوە هاتووە ڕێبەرانی ڕژیمی ئێران لە دوو ڕێگە، ڕێگەییێك هەڵبژێرن، یا ڕێگەی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بگرنە پێش، یا ڕێگەی وتووێژ.

***

## سەرۆکی سیا : دابەزینی نرخی نەوت دەتوانێ ئێران تووشی بشێوی بکا

ژنرال هیدن، سەرۆکی ڕێکخراوی ناوەندی ئەمریکا (سیا) گووتوویەتی کە دابەزینی نرخی نەوت، ڕژیمی ئێران و وێنزوئێلا کە وەبەرهێنەرانی گەورەی نەوتن، تووشی بشێوی دەکا.

ژنراڵ هیدن، کە بە تەواو بوونی ماوەی سەرۆك کۆماری جۆرج بووش، پۆستەکەی تەحویل دەدا ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی بەفرانبار گووتی: دابەزینی نرخی نەوت هۆییێکە بۆ بشێوی.

ناوبراو گووتی: کە ئەگەر نرخی نەوت لە ساڵی داهاتوودا بۆشکەی بە ٤٠ دولار بێت لەگەڵ زیاد



کردنی سزای ئابووری و پەرەدان بە نارەزایەتی ناوخۆی ئێران، کاردانەوەی دەبێ لە سەر نارەزایەتی لە بەرانبەر ڕژیمی ئێران و هەروەها دەتوانێ حکومەتی هۆگز شاوێز ووریا بکاتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز، ناوبراو گووتوویەتی: ئەو هەل و مەرجە ڕێگە دەدا زەربەت بخۆن و دەبێتە هۆی فشارە سروشتیەکانی خەڵك و کۆمەڵگای ئێران تا ئەو کۆمەڵگایە باشتر بتوانێ خۆی دەرخا و چالاك بێ.

***

## کەمیی بودجەی ٦ هەزار میلیارد تمەنی




ئێران لەساڵی داهاتوو کۆچی لەگەڵ کەمی بودجەی نزیك بە ٦هەزار میلیارد تمەنی،نزیك بە ٣٠ میلیارد دولار، بەرەوروو دەبێ. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی سەرمایە، و لەزمان محەممەدحوسێنی فەرهەنگی، ئەندامی کومیسیۆنی تایبەت"گەلاڵەی ئاڵوگۆڕ" لەگەڵ سەرنج دان بەنەوتی بوشکەی نێوان سی و پنج تا چل دولار، ئەگەر خەرجیەکانی ئەمساڵی وەڵات لە بودجە تەنیا پێنج لەسەد بەرەوسەر ببەن و بودجەی ئاوەدانکردنەوە لەسەر ٢٢میلیارد تمەن، دوهەزار میلیارد تومان کەمتر

لەساڵی پێشوو پێش بینی بکەن، کەمی بودجەی ساڵی داهاتوو، ٣٠ هەزار میلیارد تمەن دەبێت.

سەرۆکی کومیسیونی بەرنامە و بودجە گووتوویەتی: ڕادەی بودجەی گشتی وەڵات لەئەمساڵ دا، ٩١ هەزار میلیارد تمەنە کە ٦٠ هەزار میلیارد تمەن لەو ڕادەیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لەڕێگەی داهاتە نەوتیەکان دابین دەکرێ. بە پێی ووتەی ئەو نوێنەرەی مەجلیسی ڕژیم، لە گەشبینانەترین حاڵەت، قەرارە کە نرخی نەوت لە بودجە، بوشکەی چل دولار لەبەرچاو گیراوە کە ئەگەر بووجەی ساڵی داهاتوو بەو ژمارە حیسێب بکرێت، لەچاو ساڵی ٨٧، ئەو ئاکامە وەردەگرین کە ٥٠ لەسەدی داهاتە نەوتیەکانی وەڵات کەم بوونەتەوە.

***

## یەکێتی ئورووپا بەڕێوە بردنی حوکمی ئیعدامی لەئێران بەتوندی مەحکووم کرد



ڕۆژی سێ شەممە ٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٧، یەکیەتی ئوروپا بەریوەبردنی حوکمی بەردەبارانی دوو پیاوی لە شاری مەشهەد بە توندی مەحکوم کرد و داوای لە ڕژیمی ئێران کرد کە سزای بەردەباران ڕاگرێ.

لە ڕاگەیێندراوێکدا کە لەلایەن کۆماری چیك سەرۆکی دەورەیی یەکیەتی ئوروپاوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: یەکیەتی ئوروپا کردەوەی ئێعدام بە شێوەی بەردەباران لە ئێراندا مەحکوم دەکا.

ئەو ڕاگەیێندراوە زیادی دەکا کە یەکیەتی ئوروپا داوا لە بەرپرسانی ڕژیم دەکا کە لە بارەی ئەو کارەوە لیکۆڵینەوە بکەن و دڵنیایان بکاتەوە کە ئێعدام بە شێوەی بەردباران بۆ هەمیشە و بەراستی ڕاگیراوە.

ئەو ڕاگەیێندراوەی یەکیەتی ئوروپا دەڵێ: ئێمە داوا لە ڕژیمی ئێران دەکەین کە سزای بەردباران لە قانوونەکانی خۆیدا لابەرێ.

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە